# گەرتۆم نەبی

## ئەحمەد دەشتی



گەرتۆم نەبی   و
بۆ هەمیشە لە بەر چاوو دڵم نەبی
بێ تۆ بم و
لە ناو هەست و هیوام نەبی
دیارە ژینم هەر گریانە
ئاسۆی دیارم  جەنگەلێکی
وشک و برینگە و
دەورو بەرم پڕکۆتەرە و
دڕک و داڵ و  مەرگی ژیانە
گەر تۆم نەبی
ژیان هەمووی بێ مانایە و
جیهان گشتی بیابانەو
لە هەرکوێ بم هەموو ساتێ
شەوی ڕەش و
زیندانێکی پڕ گولخەنی ناو دۆزەخە
ئەی ئارەزووی دەروونی من
ئەتۆ لای من جوانترین گولی ژینی
کە تۆم لایە هەرچوار وەرزم
بەهارێکی بێ وێنەیە و
هەردەم لە ناو هەست و دڵی
تەمای بەرزی سبەی ڕۆژی
گەرتۆ بڕۆی لام نەمینێی
جیهان هەمووی وێرانەیە و
ژیان تاڵم و ئاسۆم تارە
هەرچی هەیە خەرابەیە و
لەسەر جەستەی منی دوور دوور
کێلگەی برینی بێ چارەیە
کە من دووری هەڤالان و زێدی خۆمم
نە دیارە لێم ئاشنایێ
نەدەبینم دۆست و یارێ
ئەمنلێرە بێگانەم و
هەمووی بۆمن  بیانیە و
وورەی  خەمی ئەم دووریە
لق و پۆپی شادمانیم
هەموو ساتێ تێک دەشکێنی و

**له پال گڕی غه‌واره‌ییم**
**له ئاوازی ده‌ربه‌ده‌ری و**
**دووری خاکه شیرینه‌که‌م**
**ته‌نیا ئه‌وی وه‌دی ده‌که‌م**
**ته‌زره‌ی خه‌مه له‌م دڵه‌ی من**
**وا به ڕیژنه دا ده‌بارێ**
**به‌ڵام که تۆ له ناو دڵمی**
**هیوای جوان و په‌ڕه‌ی گوڵمی**
**وه‌رسیه‌کانم ڕاو ده‌که‌م و**
**به بوونی تۆ**
**به جوانی و هه‌ستی پاک و**
**بوونی ڕازی ئاوازی تۆ**
**دڕک و داڵی نه‌هامه‌تی**
**له ناو دڵم دره‌و ده‌که‌م**
**هه‌ر چه‌ند که‌تۆ لام به‌هێز بی**
**ڕه‌نج و خه‌م و ئازاره‌کان**
**له ده‌روونم  وه‌به‌ر شه ق و**
**دنه‌ی مه‌رگ و نه‌مان ده‌ده‌م**
**ئه‌گه‌ر ئه‌تۆ له هه‌ستما بی**
**له‌م دڵه‌ی من گه‌ش و جوان و**
**هاوڕێ و یاری ژیانم بی**
**هه‌رچه‌ند دوور و غه‌ریبیش بم**
**ئه‌من به‌ره‌و لوتکه‌ی به‌رز و**
**سه‌رکه‌وتن و**
**هاتنی جوانی به‌یان ده‌ڕۆم**
**ترۆپکه‌کان ته‌ی ده‌که‌م و**
**له‌وێنده‌رێ ئارامیه‌کان وه‌دی ده‌که‌م**
**بۆ هه‌میشه  پێت گه‌ش بینم**
**له ناو ڕه‌گ و شاده‌مار و**
**هه‌ست و بیرم جێگه‌ت دیاره و**
**هه‌ڤاڵێکی خۆشه‌ویستی و**
**تۆ هه‌توانی ڕه‌نج و ژانی برینانمی**

2005.6.1به‌رلین _ هه‌نده‌ران